کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-9-2007 22:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەو راپۆرتانەی لەسەر عێراق، دەنگدانەوەی زۆریان لی کەتەوە ... فاتیح ئیسماعیل ئەحمەد**

بەکەمتر لە ساڵێك دوو راپۆرت دەربارەی رەوشی عێراق دەنگدانەوەیەکی زۆری لی کەوتەوە، راپەۆرتی یەکەم (بیکەر- هاملتۆن) و، راپۆرتی دووەم (کرۆکەر- پاتریۆس) ، کە یەکەمیان لە کۆتایی ساڵی رابوردوودا لە لایەن کۆنگرسمان (بیکەر-هاملتۆن) ەوە و چەند کەسێکی دیکە لە هەردوو پارتی ئەمریکی ((کۆماری و دیموکراتی)) بوو، بۆ چارەسەری رەوشیی شێواوی عێراق، کە



دوای پرۆسەی ئازادی عێراق تاکە دیراسە لەسەر عێراق ئەوەندەی نێو راپۆرتێکدا بوو خستە روو گرفتەکان بۆ چارەسەیان بوو، بەڵکو زیاتر چوارچێوە و قاڵبێکی تیۆری لە خۆ گرتبوو، چونکە کەمترین بەشداربوو بۆ را وەرگرتن (نەك بەشداری ئامادەی راپۆرتەکە) عێراقی بوون. دەتوانین بڵێین زۆرترینیان ئەوانە بوون، کە رای سیاسی و ستراتیژی و دبلۆماسی و سەربازیان هەبوو، جا دەتوانین بڵێین رای واقیعی کوردستان بە تەواوەتی دوور بوو (غائب) بوو ئەوەبوو سەرکردایەتی سیاسی کورد ناچاربوو هەڵوێستی لەسەر وەربگیری، لەتەك ئەوەشدا هەوڵێکی خۆی خستەگەر بۆ سەر نەگرتنی راسپاردەکان و جۆرێك لە بەد گومانی لە هاوسۆزی و دۆستایەتی سیاسیەتی ئەمریکای نیشان دا، چونکە زۆر لە راسپاردەکان بە ئاراستەی خواست و ماف و هەقی کوردی نەبوون، بەڵکو بە پێچەوانەوەشەوە.

بەلاّم هەرچی راپۆرتەکانی (دیڤید پاتریۆ/بەرپرسی سەربازی ئەمریکی لە عێراق- راین کرۆکەر/ باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق) زیاتر واقعی بوون، چونکە لە نێو واقیعی رەوشی عێراقەوە سەرچاوەیان گرتبوو، کە لە زۆر کۆڕوکۆبونەوە و نووسین و لێدوانەکاندا ئەوە باس دەکرا کە ئەمریکا تەنیا بەرنامەی رووخاندنی پی بوو، نەك بەرنامەی دامەزراندنی ولاتێکی تەواو ئیستیقراڕ و ئارام و دامەزراوەی. ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەمریکا دیراسەکردنی هەر ناوچە و شوێنیك وەك خۆی نەکردوە، واتای یەك بەرنامە و ستراتیژ بۆ هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو جێگا و شوێن و پێکهاتەکانی عێراق دەکات و هەیەتی واقیعی راستی نییە، گەواهی ئەوەش لە بڕیارە سەرەتاییەکان حاکمی مەدەنی و سەربازی عێراق بەدیار دەکەوێت، کەزۆر کات تەنیا وەك دیکۆرێك مامەڵەیی لەگەل بەرپرسان و لایەنە سیاسی و سەربازی و دبلۆماسی و ئابووری و تەنانەت ئاینیش دەکرد تا "پێی چزا بەداخە". باشترین گەواهیش زۆرترین توندو تیژ و گوشار لە دوای زیاتر لە چەند مانگێك لە عێراق نەك زۆر بوو بە ڵکو زۆر و شێوازی جۆربەجۆری بەخۆوە گرت. چونکە سەرەتا بەس بەرپرسانی ئەمریکی حاکم و بڕیار دەر بوون. عێراقیەکانی دیکە هەموو چاوەڕوانی لوتف و مەرحەمەتی بەپرسانی بالای ئەمریکی بوون لە عێراق بە تایبەت (پۆل بریمەر) . کە زۆر بە راشکاوی لە یادەشتی "ساڵە کەم لە عیراق" دەڵی: زۆر جار پرسم پی دەکردن بەلاّم تەنیا رای خۆم لەبەرچاو دەگرت.

جا ئەوە لە نا تێگەیشتنی رەوشی عێراقەوەیە کە گوایە ئیدی لە ئەمریکا زیاتر هیچ کەس و لایەکی دیکەیان ناوێت، یان وەك ئەفغانستان وایە... ؟!، ئیدی ئەگەر بەراوردێکی عێراق و ئەفغانستان بکری بێگومان زۆر لەگەڵ یەك جیاوازیان هەیە و بە دی دەکری، وەك ئەو کوشت و برینانەی عێراقی گرتۆتەوە هەرگیز ئەفغانستان بە هەموو سەردەمەکانیشیەوە (تالیبان و سوپای سوری سۆڤێت.... هتد) بە خۆوەی نەدیوە، هەرچەندە مەترسی بوونی ئەفغانستان زیاتر بوو نەك عێراق، چونکە لەئەفغانستاندا بە شێوازی قانوونی هەزار ساڵ پێش ئیستا مامەڵە لەگەڵ خەڵکی و جیهاندا دەکرا. بەلاّم عێراق بەپلەی یەکەم هەر خۆی دەوڵەت بوو سەرەرای ئەوەی زۆر لە بنەماکانی حکومەتی دیموکراسی و سەردەمی ئێستای تێدا نە بوو، بەلاّم عیراق جیالەوەی ئۆپۆزیسۆنێکی ئامادەکراوی هەبوو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

که له زۆر جێگای دونیا جگه له ناوخۆی عێراق بارەگا و دامەزراوی سیاسی و دبلۆماسی و تەنانەت له هەندی جێگاش سەربازی هەبووە، جگه له کوردستان که دەتوانین ئەوە بڵێین حکوومەتێکی تا رادەیەك دیموکراسی و کارکردن بۆ دامەزراوەی بونیاد نرابوو، باشترین گەواهیش ئێستا له هەموو عێراقدا هەرێمی کوردستان ئارامترین شوێن که جگه لەوەی بۆته جێگای حەوانەوەی زۆر له ئەو عێراقیانه (عەرەب) که بەهۆی توندوتیژیەوە جێگا و شوێنی خۆیان جی هێشتووە له کوردستان وەك هاوڵاتیەکی کوردستانی ژیان دەگوزەرێنی بەتایبەتی هاوڵاتیانی هەڵگری ئاینه جیاوازەکان، وەك: کلدۆئاشور، بەڵکو دەتوانری کوردستان سەره ڕای ئەوەی که خۆشمان لێی رازی نینن، بەتایبەتی له رووی دابینکردنی خزمەت گوزاری باش و پێشکەوت و هەروەها هەبوونی گەندەڵی که مەترسی دارترین حاڵەته، بەڵام هێنده هەیه دەتوانین بڵێن هێڵه بنەڕەتیەکانی هەنگاونان بۆ دەوڵەتێکی دامەزراوەی و دەسەڵاتێکی کراوە و شەفاف و دیموکراسی نراوە و دەنری، ئارامیەکەشی لەچاو جێگاکانی دیکەی عێراق دەکرێت بکرێته نموونەیەکی سەرکەوتنی سیاسی و ستراتیژی و ئامانجی ئەمریکا له عێراقدا.

جا لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری بکەین سەرەڕای ئەوەی زۆر به راشکاوی باس له ئارامی و پێکەوە ژیانەی ئایینه جیاوازەکان له کوردستان نەکراوە، بەڵام دەکرێت ئەوە بووترێت راپۆرتەکانی کرۆکەر-پاتریۆس بەو حوکمەی تا رادەیەکی زۆر هەڵقوڵاوی واقیعی کار کردنی خۆیان مەیدانییەن لەناو عێراقدا، واقیعتره له چاو راپۆرتی گروپی توێژنەوەی عێراق که ناسراوە به (بیکەر -هاملتۆن) ، چونکه ئەگەر سەیری وەرگرتنی رای کەسەکانی که وەرگیراوە بۆ رەوشی عێراق چ چۆنه و چ چۆن چارەسەر دەکرێت.... .. ؟! زۆرینەی زۆریان خەڵکی عێراقی نەبوون و تەنانەت هەندێکیشیان هەر نەك لەم رەوشەدا، بەڵکو به هەموو تەمەنی خۆیان عێراقیان نەبینیوە، بۆیه دەتوانری بووترێت راپۆرتەکه هێندەی خەون و تیوور بوو هێنده واقیعی نەبوو، باشترین بەڵگەش زۆر له ئەمریکیەکانیش راپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن) نیان به نا واقیع دانا وەك کوردسمان که ووتی: چیا ئاوس بوو له جیاتی شێر مشکی بوو. بەڵام دەبی ئەوەش بووتری راپۆرتی بیکەر-هاملتۆن بوو وای له ئەمریکا و سیاسەتی سەرۆك بۆش کرد که ستراتیژێکی نوی بۆ عێراق بگیرێتەبەر، سەرنجامی بەرەو پێشچوونی رەوشی ئارامی و کەمکردنەوەی توندوتیژی و ئامادە بوونی خەڵکی بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی سیاسی عێراق، باشترین نموونەش که تەنانەت "سەرۆك بۆش"یش نەی شاردەوە و بۆخۆی سەردانی شاری رومادی کرد، که گەورەترین مەڵبەندی قاعیدە بوو تەنانەت نمایشی سەربازی و سیاسی تیرۆرستانی تێدا کرا، کەچی بەرەی رزگاری رومادی (ێحو ئەنبار) ئارامی و ئاسایشیان گێڕایەوە و هەروەها ئامادەی خەڵکی ئەو شارەیان بۆ سیاسەتی ئەمریکا نیشان دا. که ئەوەش ئامانجی ئەمریکا بوو بۆ رزگاری عێراق، که ئەوانه وای کرد که راپۆرتەکەی (دیڤید پاتریۆس- راین کرۆکەر) ، به واقیعی دابنری، بۆیه نەك هەر له کۆنگرێس، بەڵکو له دونیاش گرنگی پی دراو.

fateheahmad@yahoo. com

ئەو نووسینانەی له کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.